# کوردستان دوای هەڵبژاردن
## ئەوانەی بەشداریان کرد لە "هەڵبژاردنەکان" دەنگیان بەیەکپارچەیی خاکی عێراق دا

**زمناکۆ عزیز**



کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند کە ڕێژەی بەشداربوان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق60٪ بوو. کە ئەو ڕێژەیە ڕێژەی دەنگدەرانە نەك بەشدار بوان، چونکە ئەوان وەرەقەکانی دەنگدانیان ژماردوە نەك کەسەکان، وە ئاشکراشە کەس هەبووە زیاتر لە 10 جار دەنگی داوە، ئەمە بێجگە لەو خروقاتانەی کە ئێستا خۆیان یەکتری پێ تاوانبار ئەکەن، وە بەپێی لێدوانی بەرپرسی ئەو کۆمسیۆنە ئەم ڕێژەیە لەشاری سلێمانی بەهەمان شێوە بووەو لەهەولێریش ڕێژەی دەنگدەران 70٪و لە پارێزگای دهۆکیش لەنێوان 75–80٪ بووە.

سەرباری ئەوەی کە ئەو ڕێژە ڕاگەیەنراوەی کۆمسیۆنی باڵا ڕاستە یان نا، کە ئاشکرایە ئەو ژمارەیە مبالەغەیەکی گەورەی پێوە کراوەو بەهیچ شێوەیەك بە قازانجی حکومەتی ئەمریکاو ئیدارەی ئێستای عێراق نی‌یە کە لەو ڕێژەیە کەمتر ڕابگەیەنن. بەڵام ئەگەر بەفەرز ئەو ڕێژەیە بەراست دابنێین، ئەوا نزیکەی 40٪ی دانیشتوان دەنگیان نەداوەو متمانەیان بەو هەڵبژاردنە نەبووەو ئەو شێوازەیان بەڕێگایەك بۆ دەرباز بوونی کۆمەڵگا نەزانیوە لە قەیران‌و سیناریۆکانی. وە ئەگەر دەنگنەدانی دانیشتوانی ناوەڕاستی عێراق بە بیانووی سوننە بوون‌و مەزهەبی بوونیان پاساو بکرێ، کەئەمیش هەر ڕاست نی‌یەو هەر کەسێك بە فەرهەنگ‌و بیرکردنەوەی خەڵکی بەغداو دەوروبەری ئاشنا بێت، ئەزانێت کە دەنگ نەدانیان هەرگیز لە ڕوانگەی مەزهەبی‌یەوە نەبووە. بەڵام دەنگ نەدانی خەڵکی کوردستان بەچی پاساو ئەکرێت؟ ئەوەی کە جێگای مەبەستی منە لێرەدا بەشدارینەکردنی ئەو ڕێژە زۆرەی خەڵکی کوردستانە لەو"دەنگدانە"و بایکۆت کردنیەتی.

بەرژوەندی خەڵکی کوردستان چی بوو لە هەڵبژاردندا؟

"هەڵبژاردن" ئەگەر بە مانا گشتی‌یەکەی‌و بەو معیارانەی کە ئێستا لە وولاتانی دنیادا هەڵبژاردنی تیا ئەنجام ئەدرێت، مەرجەکانی هەڵبژاردنی تیا نەیەتەدی، هەرگیز ناکرێ‌و نابێت ناوی هەڵبژاردنی لێبنرێت‌و جگە لە کاریکاتوری هەڵبژاردن هیچی تر نی‌یە. کەچی لەکوردستان سەرباری نەبوونی هیچ مەرجێك لەو مەرجانەی کە هەڵبژاردنی ئازاد هەیەتی، سەرەنجام لە ژێر کاریگەری ئیعلامی هەردوو حزبی باڵادەستی کوردستان، خەڵکیان ڕاپێچی صندوقەکانی دەنگدان کرد، بیانوەکانی ئەمجارەیان بۆ دەعوەت کردنی خەڵك لەو هەڵبژاردنەدا بریتی بوو لەوەی کە ئەگەر خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی فراوان بەشداری ئەو هەڵبژاردنانە نەکات ئەوا "جێگەو ڕێگەی کورد" لەحکومەتی ئایندە نالەبارو خراپ ئەبێت‌و ڕەنگە "فیدراڵیزم"ەکەشمان لەکیس بچێت، تازە ئەم جێگەو ڕێگەیەی کورد کە باسی لێوەدەکەن مەعلوم نی‌یە کامەیەو بۆ خەڵکی کوردستان‌و مانای عەمەلی ئەم جێگەو ڕێگەیە چی‌یە؟ چ جای ئەوەی بتوانن‌و بێن تعریفێکی واقعی لەو فیدرالیزمەی کە ڕۆژ تا ئێوارە باسی لێوە دەکەن، بدەن بەدەستەوە.

ئیدارەی کوردستان لە بەهاری 1991 بەدواوە سەرباری هەر کەم‌و کورتیەك کە هەیبوو، سەرباری ئەزمونە تاڵەکانی‌و قوربانیانی ئەو دەورەیە، هەرگیز دروست نەبووە کە لەگەڵ حاکمیەتی ڕەشی ڕژێمی فاشیستی بەعس بەراورد بکرێت، چونکە خەڵکی کوردستان ئێستاشی لەگەڵ بێت بەهرەمەند بوون لەچەندین دەستکەوتی گەورە کە بەقیمەتی گیان لەدەستدانی چەندین کەس بەدەستی هێنا بوو، کە ناکرێت هەروا بەئاسانی‌و لەخۆڕا ئەو دەسکەوتانەی لێ وەربگیرێتەوە. بەڵام بەم بەشداری کردنە لەو گەمەی هەڵبژاردنانەدا هەموو ئەو دەستکەوتانە لەدەست چوون یان کەوتنەبەردەم لەناوچوون. خەڵك بێ ئەوەی پرسیارێکیشی لێبکرێت سەبارەت بەوەی کە ئایا ڕازین بچینەوە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی مەرکەزی یان دەیانەوێ دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێك بهێنن، کەچی ئەحزابی حاکم لەکوردستان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان ئەو مافەیان بۆخەڵکی بەڕەوا نەبینی‌ودەنگیان پێدان بە حکومەتی مەرکەزی لەعێراقدا، کە حکومەتێکی ئیسلامی و قەومی ئەبێت‌و سەرەنجام خەڵکی کوردستان تیایدا دیسانەوە دەبنەوە پلەدوو و هەمان مێژووی دەیان ساڵەی ڕابردوو بە شێوازێکی تر دووبارە ئەبێتەوە. بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا لەدوولاوە خەتایەکی گەورە بوو دەرهەق بەئایندەی خەڵکی کوردستان کرد: لەلایەك بەڕەسمی ئەو پەیامەی دا بە دنیا کە خەڵکی کوردستان ملی‌داوە بە ئیلحاقی ئیجباری‌و یەکپارچەیی خاکی

عێراق لە چوار چێوەی دەوڵەتێکی قەومی ئیسلامی‌دا، کە ئەمەش دەکاتە بێ مافی و پلەدوویی خەڵکی کوردستان و دووبارە بوونەوەی زنجیرە ڕەش و نوێکانی ستەمی میللی. وە لەلایەکی تریشەوە ئەم بەشداری کردنە لێدانی مۆری شەرعیەت دان بوو لە حکومەتێکی ئیسلامی-قەومی-عەشیرەتی، کەسبەینێ بەهەمان شێوەی ڕژێمی پێشوو سەرکوتی خەڵک و کوشتاریان ئەکاتە ئەولەویەتی ئەولەویەتەکانی خۆی.

بەڵام ئەمە دوایین ئەڵقەی سیناریۆکانی ئەمریکا نابێت لەعێراق، وە بەم ئیقدامە ئەمریکا ناتوانێ خۆی لەو قەیرانە دەرباز بکات کە تێ ی کەوتوە، چونکە هیچکام لەو هێزانەی کە ئێستا قەرارە دەنگ بهێنن وێڕای ئەوەی کە ناتوانن وەڵامدەرەوەی نیازەکانی خەڵك بن، هاوکات بە جێگەو ڕێگەی سبەینێیان ڕازی نابن و لەسەر دابەشکردنی داهات و پارەوپوڵی وولات کێشمەکێش و ململانێ دەکەوێتە نێوانیانەوە، وەهەر ئێستا لەسەر ئاکامی دەنگەکان ئەم گرژی و ئاڵۆزی‌یەیان دروست کردوە. سەرەنجام ژمارەیەك لەوهێزانە وەلەژێر فشاری ئەمریکادا، ئەبێت لەمەیدانی ململانێی دەسەڵات بچنەدەرەوە، وەك ئەوەی کە لە ئەفغانستان ئەنجامدرا لێرەش ڕوودانەوەو ئەنجامدانی حەتمی‌یە. کەواتە هێشتا مەسەلەکە نەبڕاوەتەوەو ئەمریکا پەیامی هەڵبژاردنێکی تری پاش 11 مانگ داوە بەخەڵکی عێراق، هەروەك چۆن ئەزمەکانی ئەمریکا لەعێراق بە حاکمی عسکری گارنەرو مەدەنی برێمەر دەستی پێکرد و بە مەجلیسی حوکم و حکومەتی کاتی تێپەڕی، ئێستاش ئەم هەڵبژاردنە ئەڵقەیەکی نوێ‌یەو کێشەکەی ئەمریکا چارەسەر ناکات و ئەڵقەی تریشی بەدواوەیە.

لەم نێوەدا ئایندەی کوردستان، کە وەزعەتێکی تا ڕادەیەك باشتری لەچاو شارەکانی تری عێراق هەیە، تێکەڵ بە تەواوی عێراق ئەکرێتەوە، وە باڵا دەستی‌یەك کە یەکێتی‌و پارتی هەیانە لەکوردستان، بە ڕادەیەکی باش لێیان وەردەگیرێتەوە، چونکە لەبەرامبەر ئەمەدا حصەی مەرکەزیان بۆ زیاد کراوە کە خۆی لە دەسەڵات لە هەندێك دەزگای ئەمنی‌و ئیداری‌و مالیەو ژمارەی پەرلەمانتارو بودجەی تایبەت...هتد خۆی دەبینێتەوە، وە ئەوپەڕی ئەمە ئەکاتە ئەوەی کە ئیدارەی عێراق سەراسەری بێتەوەو بڕیارەکان مەرکەزی‌و بەم پێ‌یەش کێشەو قەیرانەکانیش هاوبەش دەبنەوە، کە ئەمانە هەمووی ئەکاتە وەرگرتنەوەی هەموو ئەو دەسکەوتانەی خەڵکی کوردستان و هێنانەخوارەوەی ئاستی ژیانیان لەهەموو ڕوویەکەوە، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەمنی..هتد.

چارەنوسی خەڵکی کوردستان بەرەو کوێ؟

ئەگەر مەسەلەی حکومەت و دەسەڵات لەعێراقدا لەلایەن ئەمریکاوە هێشتا نەبڕابێتەوەو ڕێگاکەی هەورازو نشێوی زۆری تیابێت، ئەوا بەهەمان شێوە بۆ خەڵکی کوردستانیش هێشتا مەسەلەکە بڕاوەنی‌یەو ستەمی میللی‌و ئیلحاقی ئیجباریش تەسبیت نەکراوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا، ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك کە فریوی ڕاگەیاندن و لێدوانەکانی ئەحزابی حاکمیان نەخواردو نەچوون بەپیر قسە باق‌وبریقەکانی ئەوانەوە ئەتوانن ئاراستەی تەسلیم بوون و مل دان پێچەوانە بکەنەوە. خەڵکی کوردستان کە بەڕێژەی 40٪ کاتێك ناچنە بەردەم صندوقەکانی دەنگدان و دەنگ بەکۆیلە کردنی خۆیان نادەن، مانای ئەوەیە کە ئومێدیان بەشتێکی باشتر هەیە کە بەرژەوەندی خۆیانی تیابێت، ڕێگەیەك کە پێکەو ژیان لەگەڵ دەوڵەتی قەومی ئیسلامی قبوڵ ناکات، ڕێگەیەك کە حاکمیەتی سەرۆك خێڵ و مەلاو ئایەتوڵلاکان قبوڵ ناکات، ڕێگەیەك کە تیایدا نابێتەوە بە ئینسانی پلە دوو. وە هاوکات ڕێگەیەکیش بێت کە کەمترین دەردی‌سەری‌وماڵوێرانی‌و کوشتاری لەدوا بێت، ئەویش ڕێگەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی گشتی‌و ئازاد، کە تیایدا خەڵك خۆیان بڕیار لەسەر ئایندەو چارەنوسی خۆیان بدەن. ئەگەر تا ئێستا لەبەر ڕێگری‌یەکانی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد ئەم کارە ئەنجام نەدرا بێت، ئەوا ئێستا هەم ڕووی ڕاستەقینەی ئەوان و ئایندەی بەڵێنەکانیان بۆ خەڵك ئاشکرابووە، هەم چیتر ناتوانن فریوی خەڵك بدەن بە وتنەوەی ئەوەی کە ئەو ڕێگایە واقعی‌نی‌یە، ناکرێت و نابێتی ئەوان چیتر نایخوات، مەسەلەکە حەساسەو پەیوەندی بە چارەنوسی زیاتر لە 4ملیۆن ئینسانەوە هەیە، سات و سەودای سەرو خەڵکی زیاتر لە هەشت دەیەیە تاقی ئەکرێتەوە هیچی پێنەکراوە. ئەبێت خەڵك خۆیان بێن و قسەی کۆتایی خۆیان بکەن. ئەمە تاکە ڕێگایەکە لە ئێستادا ئەتوانێ وەڵامدەرەوەی خواست و ئارەزوەکانی خەڵکی کوردستان بێت.